# هەواڵەکانی بزوتنەوەی جەماوەری سۆسیالستی و کرێکاری جیهانی

(2-14 )

## ئارسەر میللەر

ئارسەر میللەری بەرەچەڵەك جولەکە گەورە شانۆ نوسی سەدەی ڕابردووی جیهان لە تەمەنی 89 ساڵییدا ماڵئاوایی لێکردین . ئەو لە ئاستی برێخت و ئۆنێڵ و بیکێت دا بوو . هەروەها تا ئەو ڕۆژەی سەری نایەوە یەکێك بوو لە هەوادارانی بیری مارکسی و ڕەخنەگرانی سەرسەختی سستەمی سەرمایەداری و وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بوو . ئەو لە بەها سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئابورییەکانی ئەمەریکا یاخی ببوەوە . لە ساڵی 1956 کەوتە بەر شاڵاوی مەکارسی دژ بە کۆمۆنیزم و دادگایی کرا .



### ڕوسیا

-کۆمۆنیستەکان توانییان لە پەرلەمان 97 ئیمزا کۆبکەنەوە بۆ ڕوخاندنی حکومەت , لەناو ئیمزا کەرەکاندا 3 پەرلەمنتاری پارتی یەکێتی ڕۆسی دەسەڵاتداریشی تێدایە .

ڕۆژی 5 شەممە لە پەرلەمان 10-2 دەنگ درا بۆ چارەنووسی حکومەت , سەرباری ئەوەی بەشێك لە پەرلەمانتارانی پارتی وەحدە خۆیان لە دەنگدان دزییەوە بەڵام دەنگدانەکە شکستی خوارد .



–رۆژی 2–12 لە بەیانیی زووەوە خۆپیشاندان دژ بە بڕیاری 122 سەرجەم ڕوسیای گرتەوە , لە مۆسکۆ لە کاتێکدا بەفر سەرشەقامەکانی سپی کردبووەوە خۆپیشاندەران بە سەدان ئالای سورەوە ڕژانە سەنتەری شار و لە ژێر تیمسالەکەی لینین کۆبونەوە , ئەمجارە تەنها پیرەکان نەهاتبوون بۆ داکۆکی لە خۆیان , بەڵکە لاوانیش لە ترسی دوارۆژی خۆیان ڕژابونە سەر شەقامەکان . لە ناوچەی مۆسکۆ 50000 کەس بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کرد . کۆمۆنیستەکان دژ بە چاکسازی نا دادپەروەرانەی حکومەت وەستانەوە و داوای دەست لە کارکێشانەوەی حکومەت و پۆتینییانە کرد .

لە بەرامبەردا پارتی یەکێتی ڕوسی لایەنگری پۆتینیش خۆپیشاندانی بۆ پشتگیری لە پۆتین لە مۆسکۆ 4 شاری دیکە ڕێك خست , لە مۆسکۆ 30000 و لە پترسگراد کە ناوەندی هێزی پۆتینە 2000 بەشداری خۆپیشاندانەکانییان کرد , ئەوانەش لەوانە نەبوون پەیوەندییان بە بڕیارەکەوە هەبێت بەڵکە کرێکاران و قوتابیان بوون بە بەرتیل هێنابویانییان بۆ خۆپیشاندانەکە .

بڕیار وایە ڕۆژەکانی 2–23 و 3–8 و 5–1 خۆپیشاندانی مەزنتر سەرانسەری دژ بە بڕیاری 122 سەرجەم ڕوسیا بگرێتەوە .

زۆگانۆف لە مۆسکۆ ووتی :– ملوێنان کەس لە ڕوسیا دەیانەوێت پۆتین بڕوات , ئەوەی شایانی باسە لە دوا ڕاپرسیدا پۆتین 48٪ دەنگەکانی هێنایەوە ئەمەش کەمترین دەنگە لە ماوەی دوو خولی دەسەڵاتدارییەتی ئەودا . ئەمەو بە ووتەی پۆلیس لە 238 کۆبونەوەی جەماوەری لەپانتایی وولات سازدرا و239000 کەس بەژدارییان تێیداکرد , کۆمۆنیستەکانیش دەڵێن تەنها لە 40 کۆبونەوە 255000 بەژداری کردووە .






## نیپاڵ

لە کۆتایی مانگی پێشوو پاشای نیپاڵ کودەتای ئەنجام دا , حکومەتی هەڵوەشاندەوەو سیاسی و وەزیرەکانی دەست بەسەر کرد و حکومەتێکی نوێی لە 10 وەزیر پێك هێنا , خۆپیشاندان و کۆبونەوەی جەماوەری و ڕاگەیاندن و پەیوەندی دەرەوەی بڕی .





سەدان کەس لەیەکەم ڕۆژی کودەتاکەوە گیران ,لە بوخاری 250 قوتابی کە دەیان ویست خۆپیشاندان ساز کەن گیران .

ئەمەریکا و یو ئێن و بەریتانیاو فەرەنساو هیندستان دژ بەم کودەتایە هەڵوێستییان وەرگرت . ئەمەریکا داوای لە هاوڵاتیانی خۆی کرد خۆ بپارێزن لە چون بۆ بازاڕ و دەرچون لە کەتماندۆ .

هەرچی ماوییەکانە کە لە یەکی ئەم مانگەوە مانگرتنی سەرانسەرییان جاڕ دابوو تا سێ ڕۆژ , لە 4 ی ئەم مانگە بەیاننامەیەکی کەیان دەرکرد داوای بەرەی جەماوەرییان کرد دژ بەم کودەتایە , نەرمییان بەرامبەر پارتە سیاسییەکان نواند لە داڕشتنی بەرنامەی بەرەکە . ئەوەی شایانی باسە خەباتی چەکداری ماوییەکان هۆکاری سەرنەکەوتنی هەڵبژاردن بوو لە نیپاڵ کە ئێستا 77٪ خاکی وولات بە دەستیانەوەیە .

تا ئێستا زیاتر لە 1000 کەس گیراوە, لەناوییاندا 43 لەسەرکردە سیاسییەکان دەبینرێت لەوانەسەرۆکانی هەریەکە لەپارتی کۆنگرەو پارتی کۆمۆنیستی مارکسی لینینی . لە شاری دانغالی کە لەباشوری نیپاڵە پاش گرتنی لە لایەن گەریلا ماوییەکانەوە 150 زیندانییان ئازادکرد .

ئەمەو لە 13 مانگەوە لەیادی 11 ساڵەی بڕیاری خەباتی چەکداری مانگرتنی سەرانسەری و خۆپیشاندان سەرجەم وولاتی گرترتەوە بە چەندین شاری هیندستانیشەوە لەوانە دلهی و بۆمبای و کەلکەتا .ماوییەکان داوای گەڕانەوەی ئازادییە سیاسییەکان دەکەن و گەڕانەوەی دەسکەوتەکانی ساڵی 1990 دەکەن .

بەهۆی مانگرتنەوەکانەوە ژیان لەهەموو وولات ڕاوەستاوە , بۆیە ڕژێم بڕیاری دا خەڵك با ژیانی ئاسایی خۆیان بەرنە سەر هەر زیانێکییان لێکەوت بۆیان قەرەبوو دەکەینەوە . ئەمەو ڕۆژی یەك شەمە 13-2 لە کەتماندۆی پایتەخت کە 1,5 ملیۆن مرۆ حەشاماتەکەیەتی تەنها 130 ئۆتۆمۆبێل چۆتە ژورەوە و 200 لێی دەرچوە .

هاوکات پارتی کۆنگرێس بڕیاری دا لە هەینییەوە 18-2 دەست بە خەباتی ئاشتی بکات بۆ گەڕانەوەی دیموکراسی , لەم پێوەندەدا داوای لە هێزەکانی کە کرد بۆ ئەنجام دانی کاری هاوبەش هاوکارییان بکەن .

### نیشتمانی عەرەبی

ڕێژەی بێکاری لە نیشتمانی عەرەبی گەیشتووە بە 15٪ , ئەمەش زۆرترین ڕێژەی بێکارییە لە هەموو جیهان .
ژمارەی بێکاران لە نیشمانی عەرەبی 25 ملیۆنە و لە ساڵی 2025 پێشبینی وایەبگاتە 100 ملیۆن , لەناو ژناندا بێکاری 48٪ .

### دانیمارك

لەهەڵبژاردنەکانی دانیمارك کە لە 6-2 ئەنجام درا هاوپەیمانی ڕاستی ناوەندی دەسەڵاتدار جارێکی کە بردییەوە و 0,3٪ زیاتری لە پێشوو هێنایەوە , لە بەرامبەریشدا چەپ و چەپی ناوەندەکان لە کۆی 179 کورسی پەرلەمان 80 کورسییان هێنایەوە پێشتر خاوەند 77 کورسی بوون . پارتی گەلی سۆسیالست 6٪ و 11 کورسی و لیستی یەکێتی سەوزو سور 3,4٪ و 6 کورسییان هێنایەوە کە دوو لایەنی چەپگەران لە پەرلەمانی دانیمارکی .

### مەغریب

بەهۆی ئازادکردنی بازرگانی جلوبەرگەوە مەترسی ئەوە هەیە 50000 کرێکاری مەغریبی لەم بوارە کارەکانییان لە دەست بدەن .

## جەزائیر

بەهۆی بڕیاری خەسخەسەوە لە 1200 دەزگای دەوڵەتی پێشبینی دەکرێت زیاتر لە 400000 کرێکاری جەزائیری بێکارە بن . ئەمەو ناڕەزایەتی دژ بە زیادکردنی نرخی بەنزین لە شارەککانی جەزائیر بەردەوامە .

## هیندستان

7 پۆلیسی هیندی لە ئەنجامی تەقینەوەی مینێك کە گەریلا ماوییەکان چاندبوویان لە ولایەتی جهارخاند گیانییان لە دەست دا . هاوکات 4 تەقینەوەی کەش ئارامی ناوچەکەی تێك دا . ئەمە لەسەرو بەندی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ناوچەیی ئەنجامدرا لەم وولایەتەو ولایەتی بیهار کە لە هەژارترین ولایەتەکانی هیندستانن .



## بیل غیتس

بیل غیتس خاوەندی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت 750 ملیۆن دۆلار دەبەخشێت بۆ پەروەردەی منالان لە وولاتە هەژارەکان .



## لیبریا

کۆمەڵێك بە تاوانی کەلك وەرگرتن ئەندامی زازێی مرۆڤ پاش کوشتنی خاوەنەکانییان . لە لیبریا باوەڕێك باوە کە ئەم ئەندامانەی جەستە یمرۆڤ توانای سیاسی دەدەن بەوانەی کەڵکی لێوەرەگرن , لەسەرو بەندی هەڵبژاردندا لە پێناو سەرکەوتندا سیاسییەکان هانای بۆ دەبەن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان بیبەنەوە .

## کۆلۆمبیا

بەرواری 4-2 لە کۆلۆمبیا 14 سەرباز لە لایەن گەریلا مارکسیستەکانی فارکەوە کوژران , ئەوەی شایانی ئاماژەیە ئێستا فارك گەورەترین بزووتنەوەی چەکدارییە لە ئەمەریکای لاتین و چوار دەیەیە لە خەبات بەردەوامن . هەروەها لە بەرواری 9-2 لە ئاکامی هێرشی حکومەت بۆسەر گەریلاکان 38 سەربازی دیکە کوژران وەش 11بەدیل گیران . ئەم چالاکییانە سەرۆکی وولاتی وادار کرد داوای گفت وگۆ بکات لەگەڵ گەریلا چەپرەوەکان , 2 ساڵ لەمەوپێش کە گەیشت بە دەسەلات بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ناوچە ئارامەکانی داو بڕیاری دا ئاشتییان لەگەڵ نەکات .



بەنگەلادیش

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا 6 مانگرتنی سەرانسەری لە بەنگەلادیش لە لایەن پارتی عەوامی بەنگەلادیشی و چەپەکانەوە سازکرا , داوای هەڵبژاردنی نوێ دەکرێت . لە ئەنجامدا پۆلیس هێرشی دەست پێکرد بۆ سەر جەماوەر دەیان کەس بریندار بوو وە سەدانیش گیراون .



فەرەنسا

ڕۆژی شەممە 5-2-2005 خۆپیشاندانی توێژەوەرانی زانکۆو و کرێکاران فەرەنسای گرتەوە . پسپۆران دژ بە کەمکردنەوەی نەسریەی توێژینەوە وەستانەوە , هەزارانییان ڕژانە سەر شەقامەکانی پاریس .
هاوکات کرێکارانیش دژ بە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری 35 سەعات کار لە هەفتەدا وەستانەوە کە حکومەتی ڕاسترەو دەیەوێت کۆتایی پێبێنێت .چەپەکان دەڵێن دەیانەوێت ڕەوڕەوەی مێژوو بگەڕێننە دواوە , ئەمەو خۆپیشاندان 100 شاری گرتەوە . خەڵکی فەرەنسە 70٪یان دژ بەم چاکسازییانەی ڕاسترەوەکانن .
هەروەها ڕۆژی 7-2 زیاتر لە 300000 خۆپیشاندەر لە فەرەنسا لە پێناو پاراستنی بڕیاری 35 سەعات کار لە هەفتەدا ڕژانە سەر شەقامەکانی فەرەنساو بڕیاری حکومەتی ڕاسترەوییان شەرمەزار و پرۆتستۆکرد .



نیس–

لە شاری نیسی فەرەنسی زیاتر لە 1000 خۆپیشاندەری فەرەنسی و ئیتاڵی چەپڕەو دژ بە ناتۆ خۆپیشاندانییان کرد لەسەر لافیتەکانیان نوسرابوو ( پەیماننامەی ئەتلەسی مەترسییە بۆ سەر چارەنوسی جیهان) .

بەرشەلونە

زیاتر لە 1000 خۆپیشاندەر ڕژانە سەر شەقامەکانی بەرشەلۆنە دژ بە دەستوری یەکێتی ئەوروپا دروشمییان دا , ئەم خۆپیشاندانە بە دوای سەردانی هەردوو سەرۆکی فەرەنساو ئیسپانییاهات بۆ شارەکە تیایدا بانگەشەی دەنگدانییان بۆ دەستوری ئەورووپی کردبوو .

فلپین

5300 فلپینی بە درێژترین ماچ پارساڵ لە جەژنی دڵدارانا توانیاین ژمارەیەکی نوێ بۆ لیستی جینس زیاد بکەن , کە پێشتر 4445 شیلی یەکەمییان تۆمار کردبوو لە جیهاندا .

فلپین

لە ڕۆژهەڵاتی فلپین کۆمۆنیستەکان لە هێرشێکدا بر سەر 3 پۆلیس هەرسێکیانییان کوشت . لە کۆتایی شەستەکانەوە خەباتی چەکداری لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە دەستی پێکدووەو ئێستا گەورەترین هێزی چەکدارن لە فلپین .

میونخ– ئەڵمانییا

لە کۆبونوەی وەزیرانی بەرگری و دەرەوەو پسپۆڕانی سەربازی پەیمانی ناتۆ کە ژمارەیان 250 کەس بوو لە شار یمیونخ مەدالییای ئاشتی و گفت و گۆ بەخشرا بە کۆفی ئانان .

هاوکات خۆپیشاندانی دژ بە کۆبونەوەکە ناوچەکەی داگرت و پێکادادان لە نێوان هەردوولا ڕوی دا . پۆلیس دەڵێت خۆپیشاندەران ژمارەیان 7000 و خۆشییان دەڵێن زیاتر لە 10000 لە چەپگەراکان بەشداری خۆپیشاندانەکەان کرد .



–ئەڵمانییا ڕەخنەی لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان گرت کە نەیانتوانییوە وەفادار بن بە یارمەتی دانی وڵاتانی هەژار کە بڕیاروابوو هەر وڵاتە 0,7٪ بەرهەمی نەتەوەیی خۆی تەرخان بکات بۆ کۆمەکی وڵاتە هەژارەکان , 30 ساڵ لەمەوپێش بڕیاری لەسەر درابوو . بەڵام هێشتا جێبەجێ نەکراوە .ئەوەی شایانی باسە بودجەی سەربازی جیهان 900 ملیار دۆلارەو بودجەی  هاوکاری وڵاتانی هەژاریش تەنها دەیەکی ئەو بڕەیە پارەیەیە بەڵام دەوڵەمەندەکانی جیهان نایدەن .

–پاش 60 ساڵ لە مردنی هیتلەر هێشتا نامەی بۆ دێت , لەم ڕۆژانەدا نامەیەکی کە گەیشتە ڕایخستاخ , بەهۆی هەڵەی ئادرەسەوە نامەکە دوا کەوتبوو .



## ئیتاڵیا

هێڵی ئاسمانی ئەلیتالیا 141 گەشتی خۆی ڕاگرت بەهۆی مانگرتنی کرێکاران و بەردەست کرانەوە لە بەرواری پێنج شەممە9-2 , زیاتر لە 3000 کرێکار بەشداری مانگرتنەکە دەکەن دژ بە زیادکردنی سەعات کارن .

## کەنەدا

سەرۆک وەزیرانی پێشوی کەنەدا تاوانبارە بە گەندەڵی دارایی لە نێوان ساڵەکانی 1997-2001 . لەو ساڵانەدا لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا 188 ملیۆن دۆلار لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە تەرخان کرابوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکەی جودا خوازی لە کیبك , بەڵام پارەکە لە لایەن سەرۆك وەزیرانەوە بۆ پارتەکەی خۆی کەڵکی لێ وەرگیراوە , بەشێکی دراوە بە دەزگایەکی هەواڵنێریی لە بەرامبەر کارێکی بچوك کە پەیوەندی بە پارتەکەی سەرۆك وەزیرانەوە هەبووە . ئەمە یەکەم سەرۆك وەزیرانی کەنەدییە لە دوای ساڵی 1873 ەوە دەچێتە بەردەم دادگا .